# خەونی خودایی لەسێ ڕەهەندی شیعریدا

قەیس حوسێن ڕەسووڵ

**دەیهاوی گەلایەك لەداری ئەو سێ ڕەهەندە کاتییە لێوانلێوە لەڕووداوو پێشینە سەختەکان دەکەوێتە بەردەمت، شانت بەردەداتەوەو برینەکانت دەکولێنێتەوە. بۆیە دەبێ زوو زوو لەبەردەم وێستگەکانی ڕۆژگاری بریندارت ئیستکێك بکەی‌و هێمایەك لەسەر ناسۆرییەکانی بەرودوای ژیانت دابنێی، بەدوای نهێنی شێلووبوونی کانیاوی واقیعتدا بگەڕێی. پرسیارگەلێك ئاراستەی خۆت‌و ئەوانەیش کە بوونەتە هۆی ئەم لێخنبوونە بکەی بۆ ئەوەی بزانی داخۆ ترووسکەی بەویست گەیشتن جارێکی دی لەکۆمەڵە کەسەرو سەرگەردانییەکی پیرۆز بەرجەستە دەبێت‌و چەندیش ئامادەییت تێدا دەڕسکێ کە سەرقافڵەچی کاروانەکەت بناسی‌و گفتوگۆیەکی گەرمی لەگەڵ ساز بدەی.**




**ئاماژەی باس**

لێوردبوونەوەو سۆراخکردنێکی چەند جارە بەناو ئەم دەقەی (سەباح ڕەنجدەر) بەرەو (1.ڕابردوویەکی دوورونزیك. 2.ڕانەبردوویەکی پڕژان‌و برك‌و خەم. 3.داهاتوویەکی نقوم لەبرین‌و دیاردە ناکامەکان) سڕت دەکەن. هەر هەنگاوێك

**خەون لەڕامانی شاعیرانەوە بۆ ڕامانی خودایی سەباح ڕەنجدەر وەك نموونە:**

هەر لەسەرەتای دەقەکەوە مەسەلە مەسەلەی (فەلسەفەی بوون)ە. کە گیان بەرجەستەی دەکات. گیان‌و بوون، یان گیان‌و ژیان هاوکێشەیەکن لەیەکدی جیاناکرێنەوە. چەندەگیان بەرزو باڵاو

جوان و شیرین خۆ بنوێنێ هێنده ژیانیش سیماو ئادگارەکانی رووناک و ئاسمانی دەبن، پێچەوانەی ئەو هەقیقەتەش، سەد دەرسەد راستە. بۆیە خاوەنی گیانە قێزەونەکان، بەهەموو جۆرە ژیانێ رازین ئەگەر ئەمجۆرە ژیانەش پڕ بێت لەنائازادی، هەروەها ئەمجۆرە گیانانەش رۆڵیان تەنیا ستایشی مانەوە دەبێت، بەڵام ئاخۆ ئەم ستایشە چ مانایەک دەدات و دەبەخشێ. ئەم گیانانە بچووکن، هیچ پەیامێکیان لای خاوەنەکانیان نییە. تەنیا بەمەو بەودا هەڵگوتنەو شاردنەوەی راستییەکان و قەبەکردنی شتە بچووکەکان و بچووککردنەوەی ئەو مەسەلانەن کە شایەنی تاووتوێکردن و لەخەم هەڵگرتنن. بۆ زیاتر چوونە ناو ئەو پێشەکییەی دەق بالەم چەند دێڕەی خوارەوە رامانێک بکەین:

**گیان لەناو قەفەس**

**بەهەموو شێوەیەک ستایشی مانەوە دەکات**

**ستایش لەناو قەفەس چی دەگەیەنێ**

**ئەگەر مانایەکی نەگەیاند**

**زەمینییەکان گیانیان بچووک دەبێتەوە**

**لەبچووکبوونەوەیان تووشی هیچ گرفتێک دەبن**

ل123

بچووکبوونەوەی گیان مرۆڤ دەکات بەزەمینیی. بەکارهێنانی وشەی (زەمینیی) پڕ بەپێستی خۆیەتی. بەواتای بەرزنەبوونەوە بۆ مەلەکووتی ئاسمان دێت. بەو ئالکانەوە دێت کە هەموو ئەو ناوەرۆکە نالەبارانەی خودی وشەکە هەڵیدەگرێ و دەیگەیەنێ. شاعیر کاتێ ئەو وشەیەی بەکارهێناوە بەتەواوی ئاگاو هۆشیاریەوە بەکاریهێناوە، دەلالەتی ئەم چەمکەی لەبازنەی هۆشییەوە دەرچووە، چونکە وای لێحاڵین جگە لەوشەی ئاماژە بۆ کراو هیچ وشەیەکی دیکەی جوان وەک پێویست ناتوانێت وێنای ئەم حاڵەتە بکات کە تێیدا ئەندامەکانی دارستان، کۆمەڵگە دەبن بەزەمینیی و هەست بەخۆیان دەکەن. لێرەدا نەقڵکردن و باس باسی ئەو واقیعە دژوارە مێژووییە کە خودی شاعیر وەک تاکێکی بیرکەرەوە، دواتریش خودی وەرگری (کورد) تێیدا دەژی و ژیاوە. بۆیە یەکەم کەسانێک کە پێویستە دەرکی کەشوهەوای ئەم دەقە بکەن وەرگری کوردن.

شاری خامۆش، شاری خپ لێکەوتوو، جێگەی نسێیی کپ و هێمن دەبنە سەرچاوەی خۆشی و ئارامی و خوێندنەوەی یەکدی و هەست بەئاسوودەییکردن و بەڕاست گەڕاندنی هیواو ئاواتەکانمان بەجۆرێک مێشک و دڵ و دەروونمان بەشتانێک زاخاو بدەین کە تادوێنێ لێی بێبەش بووین و چاوانمان بەدیمەنگەلێک خۆش بکەین کە تا دووسێ رۆژ لەمەوپێش بەخەیاڵمان نەدەهات. ئەوکاتە مۆسیقا چێژی لێوەردەگیرێ. ئەو مۆسیقایەی کە هێمای کرانەوەیە بەسەر جیهانە جوانەکان، بەسەر هەوارە بنەوشەییەکان، بەسەر پەنجەرەی ژیانی نرت و نوێ کە حەزدەکەین بەڕوومان بزە بکەن و شادی و کامەرانیمان پێببەخشن. هەر تەنیا ئەو مۆسیقایەیە کە تەواوی ئالوودەبوونەکانمان بەوەستان و تاریکایی و بێ دەسەڵاتی زەبوونیمان نقومی ناو دەریای لەبیرچوونەوەیان دەکات و هانمان دەدات کە بیر لەکەش وهەوایەکی دیکە بکەینەوە. کەش وهەوای پڕ لەنالەباری دوور فڕێبدەین، تا دوێنێ زۆر بێباکانە لەناوی هات وچوومان دەکرد، ئەمڕۆ دەبێت ئێمە بگۆڕێین. تۆخمێکی دی هاتووەتە ناو ژیانمان و دەیەوێ رێگەی بیرکردنەوەی راست و دروستمان بۆ ئاماژە بکات:

**لەبەشێکی بەختێک کە**

**چاو پشووی تێدا دەدات نووسراوە**

**دۆ**

ڕیٚ
می
فا
سۆ
لا
سی
لەبەشەکەیتر فەرموودەی دڵگەشێك
ئاگادارت دەکاتەوە

ل124

لەکەش‌وهەوایە ساردو سڕەکان کە بەتەواوی مانا مرۆڤەکان، زەمینییەکان تێیاندا زاخن. هیچ مانایەك نامێنێتەوە بۆ ژیانێکی بەماناو بەرز ئەگەر تێیاندا شان‌و شکۆی ئادەمیزادەکان بشکێندریٚ‌و مەرامێك نەکەوێتە بەر دڵ‌و دیدە کە لەژێر سێبەرەکەی هەڵسوکەوت لەگەڵ ژیاندا بکەن، بەڵکو تەنیا‌و تەنیا ڕواڵەت جێی کرۆك دەگرێتەوە. پەیامێك نابیٚ کە بگەیەنریٚ‌و ئامانجێکی پیرۆز لەئارادا نابیٚ کە لەپێناویدا گیان ببەخشریٚ. بۆیە زۆر ئاساییە ئا لەو کات‌و ساتەدا بانگەشەی کۆتایی هێنان بەگەورەیی‌و پیرۆزیی بۆ نەکەن بەگوێی گەورەو بچووکدا بدریٚ، چونکە ئەو بۆنانە لەڕۆژگاری خۆیاندا تام‌و ڕەنگ‌و دەنگ‌و سەدای ئاوازەی خۆیان هەبوو، هاوکات مرۆڤەکان ئامادەییان هەبوو کە هەڵوێستی شیرین‌و نایاب بەرابەریان بنوێنن:

چوونە سەنگەر
لەگۆڕنان
چلەی ماتەمینی
ساڵیادی کۆچ
جوانی‌و سۆزو بیرەوەریان تێدا نەما

ل125

دۆستایەتی‌و لێك نزیکی‌و ئاشنایەتی باران‌و زەوی لەمێژینەیە. ئەوکاتە بەهار بەهادارە کە ئاشنایەتی هەردووکیان لەئاست‌و ڕادەی پێویستدا بێت. بەهاری گشتی بەهەموو مانای شیعرییەت. بەهەموو مەرامێك کە لەدووتوێی دەقی (خەونی خودایی)دایە. داخۆ لەکەش‌وهەوایەك کە تەلبەندییەت ڕۆڵی سەرەکی لەپرۆسەی (ژیان‌و مردن)دا بگێڕیٚ. دەبیٚ ژیان چ مانایەك، مردن چ دەلالەتێك بدەن بەدەستەوە، چ خۆشییەك ببەخشن، کاتیٚ ژیان‌و مردن خۆش دەکەون کە دوالیزمەکانی بەیەکدی ئاشنابن‌و برادەرایەتی یەکتری بکەن. ئەگەرنا خۆ زەوی بەبیٚ باران هیچ مانایەکی تێدا بەرجەستە نابێت. هەروەها بارانیش بەبیٚ بوونی زەوی مانای (بارانییەت) ی لیٚ دەسەنرێتەوە:

ئەی ناولێنەری هەموو شتەکان
بیٚ ئەوەی سکاڵایان لیٚ بکەی
بەهاری ئەم ساڵ دواخە
باران هێشتان ئەزموونی خۆی
بۆ زەوی نەدرکاندووە
ڕەگەکان بەئاسانی دەتوانن
فێڵ‌و چەنەبازی لەگەڵ بکەن

ل125

وەرگری ئەم چەند دێڕە پاش تەماشاکردن‌و وردبوونەوەی دووەمی هەست بەدژایەتی ئیمازەی وێنەکان دەکات کە لەبیٚ هێزی‌و بەهێزی، توندی‌و نەرمی، ئاوازی خۆش‌و ناخۆش، شەڕو ئاشتی بەرجەستە دەبن.

ئەم دژ بەیەکدی نواندنە مەبەستدارە. بەمەبەستی وروژاندنی هەستگەلێکی ناڕوون‌و متبووی ناو ناخی دەروونی وەرگر بەکارهێنراوە. بۆیە ئەگەر وشەکانی دەستەڕاست وەربگرین، هەموویان لەیەك خاڵ‌و مانادا کۆبوونەتەوە، بەڵام وشەکانی دەستە چەپ لەخاڵێکدا کۆدەبنەوە کە جیایە لەهی دەستە ڕاست:

شێر یان شەهێن

شمشێر یان شەونم

شمشاڵ یان شەڕانگێز

شەراب یان شەرم

شازادە یان شکست

ل124-125

بۆسە باوەشە، بەڵام باوەشێکی ساختەیەو بەکاری خۆی هەڵنەستاوە لەبەر ئەوەی لەهەموو ماناکانی گەرمبوونەوەو سۆزو میهر بەخشین و پەناگایی و پاراستن و داکۆکیکردن بەتاڵکراوە. لێرەدا رۆڵێکی ساختەو فریودەرو دزێو دەبینێ بۆیە قوربانییەکان بەهیچ گەرمیان نابێتەوە لەباوەشی ئافرەتەوە بگرە تا باوەشێ کە چاوەڕێی گەرمکردنەوەی لێدەکرێ، چونکە ئەو ژیانەی قوربانییەکان گوزەراندوویانە لێوانلێو بووە لەفێڵ و لەخشتەبردن. بۆ درکاندنی ئەو راستەقینەیە تەماشای ئەم وێنە پڕ جووڵەو زۆر نوێخوازو داهێنەرانە بکە:

چەشنی ئاوێك لەبەر هەتاو

گەرمبوو بێ و کۆتر نەتوانێ بیخواتەوە

ل125

بەهۆی ئەفسانەی بێ ماناکانی بۆسەوە ئەوانەی تا دوێنێ رووت و رەجاڵ و سیسەڵەبوون ئەوا ئەمڕۆ ئەنگران و توانییان لەو هاوکێشەیە درۆیینە کەڵك وەرگرن کە لەلای زەمینییەکانەوە بەچاوی پیرۆزەوە تەماشا دەکرێ و تەماشاکرا.

لەوەش زیاتر هەر ئەوان بوون بۆیانهەڵکەوت سوودی زۆر لەمانای تەواوی (بۆسە) وەرگرن کە چەندە بێ ماناو کاڵ و کرچ بوو، بەڵام بە بەرگێکی دی سەنگایی دەدا بەو نەزان و کاڵفامانەی کە مەسەلەکان بەدەنگ و رەنگ و سەدای خۆیان نابینن، لەبەر ئەوەی دارای هۆشیارییەك نین کە لەهەڵەڕوانین و حوکمدان بەسەر چییەتی ژیانەوە پارێزراوبن:

ئەفسانە بێ ماناکانی بۆسە

بوون بەمانا بۆ باڵندە گۆشتخۆرەکان

ل125

هەموو کەسێ شایەنی ئەوەنییە کە رەش وسپی و دوالیزمەکانی دیکەی ژیان تاووتوو بکات و لەژێر داری ئاڵۆزییەکان بەری بەتام و چێژ بەدیاری بۆ دۆست و یارانی بنێرێ، پەی بەنهێنییەکانی ئاشووب و گەڕەلاوژەو قەیرانەکان ببات. لەوانەش حاڵی بێت کە بەئارەزووی خۆیان و لەناخی دڵیانەوە دەستبەرداری ویست و ئارەزووی لەمێژینەیان بن، دواتریش گیانفیدای ژیانکوژەکانبن. لەوکاتەی قەیرانە جۆراوجۆرەکان تەنگمان پێهەڵدەچنن. بەو مەبەستەی چۆکمان پێدابدەن دەیانەوێ پانتاییەکانی بوونمان بچووك بکەنەوە، دەبێ لەبیری ئەوەدابین کە هەموومان بەیەك گەروو هاوار بکەین:

هەواڵ یان هاژە

هەتاو یان هەڵقوڵان

هەوار یان هالاّو

هەنگوین یان هاوار

هەڵۆ یان هیوا

ل126

لەو کاتانەی بارودۆخێکی تایبەت دێتە ئاراوە، تووشی دروستکردنی هەندێ وێنەی رووتی ئاوێتەیی دەبین کە لەدۆشدامان وڕبوون، تەرزە بینینێکی نابای ئەدەبی، سەرلێتێکچوون خۆدەنوێنێ، بەخەون و خەیاڵ دەچێت کە خەونبین شێوەیان دەکات. لەڕووی جیهانبینی ئەفسانەیی. پەری و شەیتانەکان لەکاتێکدا ئەمانە هێمای زیندوون بۆ خواست و ئارەزووەکانی شاعیر. ئەم وێنەیە، هەروەك دەبینین زیاتر لەخەون دەچێ. چونکە پاڵناداتە سەر زەمینی واقیع. نزیکترە لەهێما و خەون وەك ئەوەی وێنەیەکی راستەقینە

بێت. بوونی ئەم پەرییانە تەنیا هێماگەلێکن دیوی ناوەوەی شاعیری خەونبینمان بۆ بەیان دەکەن کە ئەو مانایەمان دەداتیٚ، شاعیر چەندە بەدوای میسالییەتو راستەقانییەت ویٚلٚو عەودالە. لەواقیعێکدا کە راستی زۆر بەزەحمەت دەکەوێتە بەر دیدەکانی وردبینی:

**ئیسرافیل**

**عزرائیل**

**میکائیل**

**جبرائیل**

**لەوشەی بەرات هاتنە لام لەگەڵمدا نانیان خوارد**

**دواتر ددانیان شووشتو لەماڵئاواییدا**

**ئەم سرووشەیان جێهێشت**

ل127

**دوو ماسی لەناو ئاودا گیانی بەگیانی بوون**

**قسەیان لەقسەی یەك نەدەکرد**

**بەیەکەوە دەچوونە سەردانی**

**خزمەکانیان و سەیرانیان دەکرد**

**شەپۆل فڕێیدانە کەنار**

**ترسی مردن وایکرد**

**قسە لەقسەی یەك بکەن و رابردوویان تاوانبار بکەن**

ل127

لەدەقی (خەونی خودایی) دوو ماسی، دوو گرووپ خەسڵەتەکانی مرۆڤیان دەدرێتیٚ، هاوڕێی گیانی بەگیانین و بەئەرکەکانی خزمایەتی و ئاشنایەتی هەڵدەستن. تا ئێرە پێوەندییان زۆر ئاساییە، بەڵام واڕسکی مردن. ترسی لەناوبردن و لەناوچوون و لەبیرچوونەوە، رەفتارو گوفتاریان بەلایەکدا دەبات و رەنگێکی تایبەت و دەنگێکی تایبەت و سەدایەکی تایبەتیان پێدەدات و لەیەکدییان دەتۆرێنیٚو بەیەکدییان نامۆ دەکات. بۆیە مرۆڤەکان لەکەش وهەوای ئازادیدا هەست بەخۆیان و دەوروبەریان دەکەن و بەیەکترییەوە ئاشنا دەبن و هێڵی پێوەندییەکانیان پتەوەو بیر لەسڕینەوەی یەکدی ناکەنەوەو یەکتری باشتر دەدوێنن، رادەی گونجانیان لەئاستی باشدا دەبێت و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان بەلاوە دەنێن، هەروەها پێوەندییەکانیان رووکەشانە چێناکەن و فێڵٚو داو بۆ یەکدی نانێنەوە، بەڵکو دەبن بەدۆست و خزم و ئاشنا، بەڵام لەو کەش وهەوایانەی ئازادی تێدا قاتەو مردن هەموو کات ئامادەیە بەرگ و دەنگی مرۆڤەکان لەناوببات و ترسیان چەندانە بکات ئەوکاتە مرۆڤەکان هەوڵ دەدەن بەهەموو شێوەیەك خۆ دووربگرن لەخەتەرناکە هاوبەشەکانیشیان لەڕێی هەنجن هەنجن کردنی گۆشتی یەکتری و حاشاکردن لەپێوەندییەکانیان و بەهیچ دانانی ئەو سەرەتایانەی کە پڕن لەگوڵٚو خۆشەویستی گیانی.

ناوەرۆکی هەر شتیٚ بگری بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەی زۆر گرنگە بەتایبەتی ئەو شتانەی کە ئێمە هەمیشە رەفتاریان لەگەڵ دەکەین بەتایبەتیتریش ئەو شتانەی، یان ئەو توخمانەی کە لەسەر بناغەکانیان ژیان هاتووەتە بوون. بەپێی جۆری ئەو ناوەرۆکە تۆ دەتوانی هەڵسوکەوت، رەفتار لەگەڵ راستەقینەکانی ژیاندا بکەی بەتایبەتی ئەو مەسەلانەی کە تا ئێستاش بەتەواوی ناوەرۆکەکانیان دیار نین و جێگەی مشتومڕی زانایان و حیکمەت دۆستان و حیکمەتپەخشانن بۆیە زۆر ئاساییە ئەگەر مرۆڤەکان هەڵوێستی دۆشداماں و واقوڕمان و تێڕامانی سەیرو سەمەرە بنوێنن، هەر بەم هەست و هۆشەوە دەست لەشتەکانی دەوروبەر بدات و بۆن و بەرامەیان هەڵمژیٚ. دواتریش رەنگینبێت بەو رەنگانەی توخمەکانی دەوروبەری پێی دەبەخشن و هەر بەو رەنگانەشەوە مرۆڤ ئازار بخوات و تەپاوتل بدات و لەناو دووتوێی وردبوونەوە گینگڵ دات تا ئەو

چرکەساتەی گیان دەداو سەرچاوەی راستەقانییەکانی لەدەمی ئاویلکەدانی بۆ روون دەبێتەوە:

**ناوەرۆکی بێبڕوای مردن وایکردووە**
**ئاو رەنگاوڕەنگ‌و**
**ئاگر رەنگاوڕەنگ‌و**
**ئاسمان رەنگاوڕەنگ‌و**
**زەوی رەنگاوڕەنگ‌و**
**جەستە رەنگاوڕەنگ‌و**
**روح رەنگاوڕەنگ‌و**
**ئاهەنگ رەنگاوڕەنگ‌و**
**شیوەن رەنگاوڕەنگ**
**ببینم‌و بێن پێڵووی ماندووم**
**بەپەنجەی کۆرپەیان بشێلن**

ل128–129

یۆتۆپیا لەخەیاڵ‌و هزری هەموو ئەو کەسانەدایە کە حەز ناکەن دڵۆپێ خوێن بەناهەق بڕژێ.

خۆشییان لەنرکە نرکی زۆر لێکراوان نییە. بەناڵە ناڵ‌و دەردو ئازاری لاوازکراوان دەناسێن بەهەوای کەش‌و فەزایەك شنە دەکەن کە پڕ بێت لەبرایەتی‌و پاکی‌و چاکی‌و خۆشی‌و مۆسیقای خۆشبەختی. گرتنی رێی ئەو شارە شیرینە پیرۆزە ئاواتی هەموو مرۆڤدۆست‌و مەلەکووت دۆستێکە کە بێزارە لەشەڕو ئاژاوەو کوشتار. بۆیە لەجێی خۆیەتی کە بەیەکەوە بانگەشە بکەین بۆ ئەو داوایەی کە کراوە:

**منیش برادەرایەتی گیانی بەگیانی**
**رێگای شوێنێکم قبووڵە**
**هێشتان بەلووعەکانی دەم‌وچاوی لەبەر نەشووراون**

ل129

هیچ فەلسەفەیەك لە(فەلسەفەی گومان) جوانترو شیرینترو بەرزتر نابینین بۆ گەیشتن بە(یەقین). زۆرن ئەو کەسانەی کە لەدوای تەمەنێکی پڕ کۆشش‌و ماندووبوون‌و هەڵوەدایی بەدوای (یەقین) لەنوژەنەوە دەستیان کردووەتەوە بەگەڕان‌و لەسەرەتاوە دەستیان پێکردووەتەوە، بەلاّم ئەمجارەیان (گومان) چاکیان لێهەڵماڵیوەو شەونخوونیان کردووەتە بەشی خۆیان، چێژی زۆریان لەو شەکەتی‌و ماندووبوونە وەرگرتووە تا گەیشتوونەتە (یەقین)و ئەو (یەقین)ەی کە جارێکی دی لەپێناویدا هیچ جۆرە شەکەتییەکی دیکەی بەدوادا نەهاتووە، بەڵکو پشوودان:

**ئامۆژگاری برادەرێکی گیانی بەگیانی**
**غەفڵت کوژکراوم یادی خستمەوە**
**بەگومانەوە بچمە ناو سەرەتاکان**
**سەرەتاکان هەمیشە گومانن**

ل129

لەو کاتانەی کە جێپەنجەیەك شك نابەیت بۆ حەوانەوە، ئاسمان کەپرە شینەکەی هیچی دیکانە سۆزو دڵسۆزی نادات بەو مرۆڤانەی لەتاو توندوتیژی‌و زەبروزەنگ ناڵە ناڵیانەو شوێنکاتێك شك نابەن کە تێیدا هەست بەئاسوودەیی‌و تەناهی بکەن‌و دەروەستی گەورەیی‌و رێزداری‌و بایەخ وەرگرتن نابن بۆیە هەردەبێ لەم چرکە مێژووییە ناسکە دەنگانێك بەرزببنەوەو ناڕەزایی دەرببڕن بەرانبەر ئەم بارودۆخە شل‌و خاوو کرچ‌و کاڵە. تەمومژی بێزارکەر بڕەوێننەوە. رەواندنەوەی تاریکی‌و نەزانی ئاسۆیەکی کراوە دەهێنێتە پێشەوە، هەر پەیامێکیش بدرێ بەگوێی زەمینەییەکان بەربەست‌و بنبەست دەکرێ، هەزارەها گۆبەندو فێڵ‌و دەردیسەری بۆ هەڵدەچنرێ. ئەمەش مێژووی گشتگیری

مرۆڤایەتییە. هەر لەم کەش‌وهەوایانەی کە مرۆڤەکان راناپەرموون بەبارودۆخی خۆیاندا بچنەوەو پەنجەرەی هۆشیان بکەنەوە. بۆ جارێکی دیکە بایەخ بەبیروئارەزو دەروونیان بدەن، سوڵتانەکان دروست دەبن، ئێمەش دەبین بەسووتەمەنی‌و تێشووی مانەوەیان لەکاتێکدا خودی مانەوەیان لەناوبردنی ئێمەیە. ئێمەین دروستکەری سوڵتانەکان.

دەیانهێنینە ناو مەیدانی ژیان‌و رەواجیان پێدەدەین‌و دەماغیان بەرزو شاد دەکەین. لەحاڵەتی ناهۆشیمان، ناهۆشیاریماندا هێمایەك بەرزدەکەینەوە، دواتر لێی پەشیمان دەبینەوە.

بەچەپڵەکوتێی گەرم گەرم سوڵتانەکان دەخەینە سەر کورسی دەسەڵات. ئەو سوڵتانانەی بەناوی گەل‌و میللەتەوە سەرخەوی خۆش دەشکێنن، میللەتیش بەناخی زەویدا دەچێتە خواریٚ‌و تێکدەشکیٚ.

ئەوەی گومانی تێدا نییە لەناخی هەر کامێکمان بگرە دیکتاتۆرێك هەیە کە دەبێتە هۆی دروستکردنی کەش‌وهەوایەك کە تێیدا سوڵتانەکان بەدیار دەکەون‌و رێورەسمی حوکم دەگرنە دەست، پاشان ئەندامانی کۆمەڵگە سووك‌و بیٚبەها دەکرێن بیٚئەوەی هەست بکریٚ کە بۆ چ تەنیا خاوەن دەسەڵاتان شایەنی چەپڵەرێزانن، جگە لەوان کەسی دیکە بۆی نییە هەناسەیەکی گەرمی دەسەڵات هەڵمژیٚ:

سوڵتان لەسەر کورسی بیٚپشت
بیربکاتەوە کەڵکەڵەی چی لێی دەدا
خوێندنی کوندەبۆ یان دەنگی کەمانچە
پەلەی نەدەویست
بەو شێوەیەی سواری پەیتوون بووین
تاوسمان لەسەر دەستمان راگرت
ل130

دیسانەوە کاتێك نەتوانیٚ هێزو شیانە ئاشکراو شاراوەکانی پەرەپێبدەی‌و کایەیەکی گونجاوو دروست‌و مانادار نەبێت کە کاری خۆتی تێدا لەسەر داهێنان دەکەیت‌و لاپەڕەکانی ژیانت هەر رۆژەی بەگوڵێکی جوان دەڕازێنیتەوە، بەڵکو ژیانت دووبارە رێك دەخەیتەوەو لەوەش زیاتر ژیانت نویٚ دەکەیتەوە، هەست بەگۆڕانکاری بکەیت‌و بتوانی لەگەڵ ماناگەلێکی نویٚ رەفتار دەکەیت. پێچەوانەی ئەمە ئەگەر هەست بکەیت کە تواناو شیانەکانت هەموویان بەهەدەر دەڕۆن‌و لەناو یەك بازنەی بەتاڵدا دەخولێیتەوەو رۆتینییەت بەربینگت دەگریٚ‌و بەکاڵ‌وکرچی رۆژان تێپەڕدەبن، بەڵام تۆ لەشوێنی خۆتدا بەشێوەیەکی جێگیر دەمێنیتەوەو هەنگاوێکی گەلیٚ بچووك بەرەو بەردەمت دەهاوی‌و دوو هەنگاویش بەرەو دواوە دەگەڕێیتەوە جاڕس‌و لەخۆبێگانەبوون رووت تێدەکات، ئەم کارە دەبێتە سەربردەی رۆژو مانگ‌و ساڵ‌و تەمەنیش بەخێرایی گوزەر دەکات کەچی تۆ ئەم سرووده بووەتە وێردی زمانت:

رۆژان
هەفتە
مانگ
ساڵ
هەمووی دووبارەکردنەوەی یەك رووداون
ئێمە دەزانین باپیرە ناودارەکانمان
لەپێناو چیدا جەنگان
بەڵام نازانین خۆمان لەپێناو چیدا دەجەنگین
ل131

شەڕ بۆ ئامانجێکی نادیارو بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی‌و تاکە گرووپی بەهیچ کلۆجێك، بەهیچ پێوانەیەك، بەهیچ کێشانەیەك پەسەند نییەو پێدا

هەڵگوتن نییە، مەگەر راستییەکان سەراوێژکرابنەوە لەبەرئەوەی بەرەنجام، میوە بەشی ئەوان کەس دەبن کە بەتێکچوونو ماڵوێرانیو قاتوقڕیو پچڕانی شیرازەکان دەڵێن بەڵێو هاواری شەڕیان خۆش لێدێ:

**ئاگر هاوار دەکات ئەی خەڵکینە**

**زەمبیلەیەك میوەم پێیە**

**بۆ دابەشکردنی چەند بیانووم پێویستە**

ل134

## پوختەی باس

دوای لێووردبوونەوەمان بەهەرسێ رەهەندیی شیعری، دەقی (خەونی خودایی) (سەباح رەنجدەر)، پێمان بۆچوونێکی بەجێیە کە ئەم چەند دێڕە بکەین بەکۆتایی ناکۆتایی دەقە داهێنراوەکەی. لەکاتو دەرفەتێکی دیکەدا دەگەڕێنەوە سەری، لەبەرئەوەی بێگومانین کە بەتەواوی تاووتووێ هەموو لایەنە بیریو هونەریو جیهانبینیمان نەکردووە، زیاتریش هەڵدەگرێت باسی فرەدەنگییەکەی بکەین کە لەسەرەتاوە تا کۆتاییەکەی هەستی پێدەکرێ، بەڵکو دەکرێ هەر دەنگێك لەو فرە دەنگییانەی گرتوویەتییە خۆی باسو لێکۆڵینەوەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت.

**سەرچاوە:**


سەباح رەنجدەر، رووەکەکانی خواوەند، (دیوان) 1999 هەولێرن دەقی (خەونی خودایی). ل123-145.